KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
3-8-2007 17:09بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## تاوانی ئەنفال گەورەترین تاوانە ... ئەحمەد دەشتی



خاوەنی ئەنفالەکان دیارن کە کێن و بۆچی ئەم کارەساتە دڕندانەیان بە سەر گەلی کورد دا هێناوە، کەسێ ناتوانێت نکۆڵی لەوەدا بکات کە کارەسات و تاوانی ئەنفالەکان هەتا بڵێی گەورەن کە ئەویش ڕژێمی تاوانباری بەعسیە دڕندەکان بە سەر کوردیان هێناوە، ئەوان جنایەتکارانە هەموو هەوڵێکیان تەنیا بۆ جینۆساید کردنی گەلی کورد بووە، هەر لەو سەردەمانەی کە هاتنە سەر کار بە هەموو شێوەیەک کوردیان لە ناو دەبرد و کوردستانیان تەعریب و خاپور دەکرد، ئەوان مرۆ کوژانە ڕۆلەکانی گەلی کوردیان بە زۆر شێوەوە قڕ دەکردو بە ئەنفال و کیمیا بارانی کوردستان هەوڵیان بۆ لە ناوبردنی گەلی کورد بوو، تراژیدیای ئەنفال لە دێرۆکی کوردا هێندە خەتەرناک و چڵکنە کە دەتوانم بڵێم لە مێژووی گەلان دا کەمترئەو هەستە نامرۆڤانە وەدی دەکرێت کە ئا بەم شێوەوە مرۆڤ لە ناو برابێ، ڕاستە کە لە زۆر شوێن دا بە کۆمەڵ لە خەڵک وەک کورد لە ناو براون و سوتانراون و لە کورەی ئاگردا بە هەزاران مرۆڤ گیانیان بە زۆری زۆرداری لێ سەندراوە بە ملیۆنانیش لە ناو براون، دیارە کە ڕەفتارەکانی ڕژێمەکانی عێراقی بە تایبەت ڕژێمەکەی سەدامی تاوانبار کەمتر نیە لە جنایەتەکانی هێتلەر و مۆسۆلین و هەموو دکتاتۆرەکانی ڕابورد و کە دیاردەیەکی تا بڵێی کەسیف و نارەوایانەن لە مێژووی مرۆڤایەتی دا، ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی ئەم دوا دوایەش بدەینەوە، دەبینین کە ئەنفال لە فەرهەنگی کۆنی تازیەکاندا هەر لە سەرەتای هاتنی ئاینی ئیسلامەوە هاتۆتە کایەوە و بەو ناوەوە گەلێ تاوان و کوشتن و لە ناو بردنی هەزاران هەزار مرۆڤ ئەنجام دراوە، کە بەڕاستی کارێکە دژ بە هەموو یاسایەکی مرۆڤایەتی و گوناهێکی هەتا بڵێی گەورەیە کە دەرهەق بە ژیانی کوردەوە وەدی هێندراوە، تراژیدیای ئەنفال ئەو کردەوە ناپەسەند و دڕندانەیە کە ڕژێمی دکتاتۆری جنایەتکاری عیراقی لاساییان لە مێژووی خوێناوی کۆنی خۆیان کردۆتەوە کە هاتن ئەنفالیان زیندو کردەوە و کارەساتە گەورەکانی ڕابووردوویان بە سەر گەلی کورد دا هەر لە دوای هەرەس هێنانی شۆرشی ئەیلولی مەزن دا سەپاندو دەستیان پێ کردەوە و بە زۆر شیوەوە ئەم کارە تاوانبارانەی ئەنفالیان بە سەر گەلی کوردی بەشخوراو دوور لە ئازادی و هەموو مافە رەواکانی خۆیەوە زۆر دڕندانە ئەنجامیان دا، ئەو دڕندانە بە هەزارانیان لە لاو پیرو ژن و منداڵانی کوردی بێ دەسەڵات لە ناو برد، کە هەتا توانیان تاوانیان کردو ڕۆلەکانی گەلی کوریان خستە ناو دۆزەخی ئەنفالەکانیانەوە، ئەوان بەو خەیاڵە و بەو نیازە دڕندانەیان، هاتن کە بتوانن گەلی کور بە یەکجاری قڕ بکەن و هەستی کەسیفیان بۆ سەرکەوتنیان لە جینۆسائید کردنی گەلی کورد بە ئەنجام بگەن، هەر بۆیەش نەوەستان هاتن چەکی کۆمەل کوژ وەک گازی خەردەل و سیانیدیان بە کار هێنا دژ بە کوردو کوردستان. تاوانی ئەنفالەکان هێندە مەزنە کە هەتا ئەم ساتەش بە هەزاران تەرمی ئەنفال کراوانی کورد بە تەواوی نەدۆزراونەتەوە، هەروا بە شاراوەیی ماوەتەوە، کەکەس نازانێت چلۆن ڕۆلەکانی گەلی کوردیان لە ناویان برد و لە کام کارخانەکانی چەکی کێمیاییان بۆ تاقی کردنەوە لە ناویان بردن، یاخود لە کامە دەشت و بیابان و چیاو چۆلەکان بە کۆمەڵ لە چاڵیان نان، هەتا ئەم ساتەش گەلێ ماڵ و منداڵ و کەسانی ئەنفاڵ کراو و هەژاری کورد هەر چاوەڕێن کە ئەنفال کراوەکان تەرمەکانیان بدۆزرێتەوە، بزانن کە لە کوی و چلۆن ئەنفال کراون، لە گەڵ هەول و تەقەلایەکی زۆر تواندراوە کە گەلێ گۆڕی بەکۆمەڵ بدۆزرێتەوە و وەک ئەو پێنجسەد بارزانیەی کە پار دۆزرانەوەو هێندرانەوە، بەڵام تائێستا نەتواندراوە کە پەی بەم کارەی ئەنفالچیان بە تەواوی ببردرێت و هەمویان بدۆزرێنەوە، خۆ گەلێک

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەوان ئەنفالچیانەی کە تەنانەت بەشداریشیان لە ئەنفال کردن و لە چاڵ نانی کوردە ئەنفال کراوەکان کردووە هەرماون، کەچی قرۆقەپیان لەم تاوانە پڕ مەزن و گەورەیە کردووە کە زۆریان دەشزانن لە کوێندەر و لە کامە شوێن دا بە هازارانیان لە چاڵ ناوە هەر بێدەنگن، ئەوان کەسانە کە ئێستاش دەست و پێوەندەکانی ڕژێمی جنایەتکاری سەدامیانی ئەنفالچین و ئەمڕۆش هۆکاری گەلێ لە کارەسات و تەقینەوە و کوشتنی هەزاران بێ تاوانی خەڵکی عێراقین. ئەمڕۆش کە یادی هەشت هەزار بارزانی قارەمانی ئەنفال کراو دەکرێتەوە و 24 ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێدەپەڕێت، ئەوا تەواوی گوناهەکانی جنایەتەکانی بەعسیە خوێن ڕێژەکان دێتەوە یادی هەموو کوردێکی بەشەرف کە لە پێناو خاک و نەتەوەکەی خۆیاندا گیانیان دادەنێن و نەفرین لە دوژمنان دەکەن، ئەو هەموو زوڵم و زۆرداری و ئەنفال کردن و ماڵوێرانی و خاپورکردنی کوردستان و تەعریب کردنی گەلێ لەو شوێنانەی کە خاکی کوردستانە و بە زۆری زۆرداریان هەروەک چۆن بە هەزارانیان ئەنفال کردو لە بیابانەکانی باشوری عیراقدا شەهیدو ونیان کردن، ئاواش گەلێ جنایەتی تریان ئەنجام داوە، ئەم ڕەفتارفاشیانەی بەعسیە دڕندەکانی سەدامی ببوە خەسلەتێکی هەست و بیریان کە هەموو شۆڤێنیە خوێن ڕێژەکانی تازیەکان، ماڵی کوردیان بە حەڵاڵ دەزانی و کوشتنی ڕۆلەکانی گەلی کوردیان لە ناو دڵ و دەرونیانەوە بە ئەرکی سەرشانیان دەزانی، ئەوان دوژمنانە بە هەموو هێزێکی سەربازیانەوە کوردستانیان وێران کردو کوردیان ئەنفال کرد، کە لەمێژووی دیر زەمانیشەوە ئەم تاوانانەیان ئەنجام داوە ئەنفالیان کردوە، لەو ڕۆژگارانەی فەرمانرەوایەتی هەموو ڕژێمەکانی یەک لە دوای یەکی عێراقی بە تایبەت لە سەردەمی حوکم ڕانی بەعسیە دڕندەکان دا زیاتر بۆ کوردکوشتن پەلاماریان بۆ سەر خاکی کوردستان هێناوەو بۆ لە ناو بردنی گەلی کورد و وەدیهێنانی هەستی دژ بە هەموو یاسایەکی مرۆڤایەتیان بە ناوی ئەنفالە پڕ تاوانەکان هاتنە کوردستان و بە سەدان هەزارانیان لە ڕۆلەکانی گەلی کورد ئەنفال کرد و کوردستانیان کرد بە گۆمی خوێن، ئەوان دڕندانە کە بەجارێ هەشت هەزار بارزانیان ئەنفال کرد، وا ئەمڕۆ بیست و چوار ساڵ 24 بەسەر ئەو جنایەتە مەزنەدا تێدەپەڕێت، ئەمەش وەنەبێ کە جگە لە ئەنفال کردنی ئەو هەشت هەزار بارزانیە کارەساتێکی تریان بە سەر کورد نەهێنابێت و، تەنیا تاوانیان ئەمەجنایەتە مەزنە بێت، ئەوان گەلێ کارەساتی تریان بە سەر کورد هێناوە وەک کارەساتی فەیلیەکان و ئاوارەکردنیان و داگیرکردنی سەروەت و سامانیان، ئەوان هاتن کە182هەزار کوردیان لە ناو بردو کوشتنی مرۆڤی کوردیان بە حەلال دەزانی، دێتەوە یادمان کە چلۆن بە بۆمبا ناپالمەکان و تیزاب و شەست تیرەکانیان بە بە گازی خەردەل و سیانیدیشیان هەلەبجەیان سەهید کردو بە هەزاران کوردیان لە ناو برد، فرۆکە بۆم هاوێژەکانیان سەدان تەن باروتیان بە سەر کوردستاندا دەباراند، ئەوان هەموو دارو باری کوردستانیان لە ڕەگ و ڕیشەوە دەرهێنا، ڕەزو باغ و زەنوێرەکانی کوردستانیان هەموو خنکاند، ئاوی کانی و ڕوبارانیان وشک کرد و سیمانکاریان کردن، ئەشکەوتەکانی چیاکانی کوردستانیان ڕماند، 400 چوارسەدهەزار گوندی کوردەواریان بە خاک یەکسان کردو هەزاران هەزار لە ڕۆلەکانی گەلی کوردیان ئاوارە کردو خاکی کورد و ناوو ناتۆرە و شارو دیهاتەکانی تریان تەعریب کرد، شاری دڵی کوردستانیان تەعریب کردو لە کوردستان جیایان کردەوە و بەو دەردەیان برد کە ئەمڕۆ گەورەترین کێشەی کوردو کوردستانە، ئەوان هاتن عارەبەکانیان بۆ شوێنی باوک و باپیرانی کورد هێناو گۆڕێنی جۆگرافی کوردستانیان پێرەو کردو دانیان بە هیچ مافێکی ڕەوای نەتەوایەتی گەلی کورد نەهێنا، پیشەی ئەو تاوانبارو مرۆکوژانەی بەعسیە نازیەکان هیوایان لە ناو بردنی گەلی کوردبوو، ئەمڕۆ کە یادی ئەو هەشت هەزار بارزانیە نەمرانە دەکرێتەوە یادی هەموو کارەساتەکانی کە لە ماوەی نیو سەدەی ڕابوردوو دا هێندە تاوانبارانە دژ بە گەلی کورد کردیان و ئەنجامیان داوە دەبێ ببێت بە پەند،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەمڕۆ گەلی کورد بە تایبەت ڕابەرانی کورد دەبێت ئەم هەموو تاوان و ڕوداو و کارەساتانەی کە لە ڕابوردا بە سەر گەلی کوردیان هێناوە بیکەنە پەندو دوژمنانی نەتەوەی کورد چاک بناسن و باوەڕیان پێ نەکەن و بستێک لە خاکی کوردستان بە هیچ شتێک نەگۆڕنەوە، ئەمڕۆ دەبێت کارێک بکرێت کەجارێکی تر ئەم دوژمنە چەپەڵانە نێنەوە کوردستان و نەتوانن کە بە پیلانە گلاوەکانیان و فرت و فێڵەکانیان ئەمجارە وەك رابووردو ئەنفالٌمان بکەنەوە، دیسانەکە بیان کەینەوە برا گەورەی خۆمان.
دەبێ هێندە وریاو زانا بین کە دوژمنان نەتوانن ئەمجارەش خاکی کوردستان نامەردانە بشێلنەوە، خۆ دیارە کە هەر نەتەوەیێک قوربانی داو باوەڕی بە دوژمنانی خۆیەوە نەکرد ئەوا ڕزگارو سەربەخۆ دەبێت، بە پیچەوانەش ئەگەر گەلێ لە خەسلەتە دیرۆکیەکانی کوردو کوردستان لە ناو نەبردرێت و دوژمنان لە خۆمان بە باشتر بزانین ئەوا دیسان لە سەرکەوتنەکان دوور دەکەوینە و کارەساتەکان دەبینینەوە، ئەگەر زاناو وریاو دڵسۆز نەبین بۆ کوردستان ئەوا گەلی کورد جاریکی تریش دەکەوێتەوە داوی دوژمنان و ئەمجارە زۆر بە گران لە سەر کورد تەواو دەبێتەوە و توشمان بە کارەساتەکانی گەورەتر لە ڕابوردوو دەکەنەوە، ئەمڕۆ هێشتان دوژمنان هەر ماون و ئەنفالچیانی دیرۆکی خۆیان لە سەنگەردان و هەر بۆیان بلوێتەوە یەکتر دەگرنەوە و سواری سەر ملی کورد دەبنەوە، دیسانەکە کارمان لە کار دەترازێتەوە و توش بە شکەست دەبینەە و هەموو ئازارەکان دەگەڕێنەوە.
هەزاران سلاو لە گیانی پاکی هەموو ئەنفال کراوەکانی کوردو کوردستان بە تایبەت ئەو هەشت هەزار بارزانیە قارەمانانە و هەموو شەهیدانی کوردو کوردستان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.